وزارەتی سامانە سروشتییەکان: تائێستا هیچ بڕە نەوتێک لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە نەنێردراوە

وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم رایگەیاند، تائێستا هیچ بڕە نەوتێک لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە بۆ هەرێم نەنێردراوە وئاگەر دابینیش بکرێت، تەنها بڕی 19ـی خەزانەکان دەکات.

ئەمڕۆ یەکشەممە،وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ڕونکردنەوەیەکی لەبارەی دابینکردنی نەوتی سپی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم باوێکردووە، کەتائێستا پشکی هەرێم لەنەوتی پشتیوانیکراو، لەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراقەوە نەگەیشتووە بیارە لەم هەفتەیدا بڕێک لەنەوتی سپی بۆ پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دابینبکرێت.

ئاماژەی بۆش کردووە،ئەو بڕە نەوتەی بیارە وەزارەتی نەوتی عێراق دابینی بکات، زۆر لەپشکی هەرێم کەمترە وتەنها بڕی 19ـی پێویستیی خەزانەکان دەکات.دەشڵێت،"ئەگەر ئەم بڕە نەوتەش دابینکرا، بچێند کاروانێک دەگاتە هەرێم و ئاستەوخۆ لەگەڵ بەڕێوبەرایەتییەکانی نەوت و کانزاکانەوە بەهەماهەنگیی لەگەڵ پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکاندا دەست بەدابەشکردنی دەکرێت".